هۆنراوه

# دڵێکی دوور

دەرباز یونس

# ناسنامەکەم

ناوم : دڵێکی دوور
چیم ؟ : هۆنراوە
نووسەر : دەرباز یونس
دیزاینی بەرگ : نووسەر
پیت چنین : نووسەر
تیراژ : 1000 دانە

پێشکەشە بە :

دڵە دوورەکەم

## هەرێمی کوردستانی عێراق

Kurdistan Region al- Iraq
Council of Ministers
Ministry of Culture
G.D of P. Libraries

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی رۆشنبیری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
بەشی سپاردن

ژمارە: ١٠٦٦

رۆژ: ١٥ / ٨ / ٢٠٠٧

بۆ... چاپخانەی /منارە / هەولێر
ب/ژمارەی سپاردن

ژمارەی سپاردنی ( ٩٢٨ ) ساڵی ٢٠٠٧ درا بەکتێبی ( دڵێکی دوور ) لە نوسینی ( دەرباز یونس ) بە ناومرۆکی ( هۆنراوە )
لەچاپخانەکەتان چاپ بکرێت بە مەرجێك ( ٥ ) دانە لە کتێبەکە بۆ بەشی سپاردن ڕەوانە بکەن بە پێ ی یاسای چاپەمەنی ژمارە ( ١٠ ) ساڵی ١٩٩٢ .

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن
G.D of Public libraries

شاکر أبوبکر عزیز
بەڕێوەبەری گشتی کتێبخانە گشتییەکان

فەرمانبەری ڕێپێدراو

تێبینی /
دەستەواژەی سپاردن بەم شێوەیە چاپ بکرێت
بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێخانەگشتیەکان ژمارەی سپاردنی (٩٢٨) ساڵ ٢٠٠٧ پێی دراوە .

وێنە بۆ:
- کارگێری خۆیەتی.
- هەڵگرتن.

## ووتـەیـەک :

من ئـەم کتێبـەم کە لـە ژێر دەستتـام ، نـاوی دڵێکـی دوورم هـەڵگرتووە ، سڵاوی نووسـەرەکـەمتـان لێبێت ، کـاتێک کـە شیعری پـەڕەکـانم ئـەخوێننـەوە هـەست بکـەن کـە گوێ لـە قسـەی دڵـێ خودی نووسـەر ئـەگرن ، خودی خۆی شیعرەکـانـی زۆر بـە ڕاستگۆیـانـە لـە سـەر پـەڕەکـانـی من نووسیوە ، لـە هـەر شوێنێک کـە هـەستی کردوە سۆزێک شیعری داوەتـێ شیعرەکـەی خستۆتـە سـەر پـەڕە تـا وای لێهـاتووە بوون بـە کۆمـەڵە شیعرێک و منـی لـێ درووست بوو ، هیوام وایـە لێم ببورن ئـەگـەر ئـەو شیعرانـەی هـەڵمگرتوون شیعری سـادە بن ، هـەموو ئـەگـەر ویستی سـەرکـەوتن بـە سـەر کێوێکمـان هـەبوو دڵنیـاین ئـەبـێ لـە بنـارەکـەیـەوە دەست پـێ بکـەین هیچمـان نـازانین ئـەگـەین بـە لووتکـە یـان نـا ، بـەڵام هـەموومـان هـەوڵ و هیوامـان وایـە کـە زۆرترین بـەش ببڕین نووسـەرەکـەشم هـەمـان هیوای هـەیـە ، هیوام وایـە شیعرەکـانمتـان بـە دڵ بێت

دڵێکـی دوور
نووسـەرەکـەم منـی دواند
2007/10/1

# ماڵئاوا

وا دوا ڕۆژی ڕۆشتنه و ماڵئاواییت لێ ئەکەم
بەڵین ئەدەم تاکو مردن هەرگیز لە یادت نەکەم

تۆش بەڵێن بدە بە وەفا بە گوڵم هەموو دەمێ
بە هەناسەت ڕابماڵە دڵەکەم هەوری خەمێ

بەڵین ئەدەم هەر دێمەوە نێو باوەشی گەرمی تۆ
تا بخەوم شادمان بم لە سەر سینەی نەرمی تۆ

تۆش وەک من بە خۆشی ژینم من ژیانم تەنها تۆیە
لە بێ تۆیی ژیان لای من زیندانێکی زۆر نامۆیە

2007/5/21

# گریان بو بە پیشەم

نەم ئەزانی ڕۆژانێک دێت پیشەم هەر گریان ئەبێ
نەم ئەزانی بە ئاسانی ئەشقت لە دڵ دەر ئەچێ

گەر ئەمزانی وا دڵرەقی دڵم نە ئەدا بە تۆ
کە دڵمت وەرگرت گیانە بۆچی بریندارم ئەکەی بۆ

باوەڕ بکە بێ تۆ بەهار گشتی گەڵا وەرینە
تەمەن بێ تۆ تەنها تەنها فرمێسک بارینە

گەر ئەتەوێ شادم بکەی وەرە یادم کەرەوە
خەم و پەژارەی چەن ساڵەم بە جارێ بیر بەرەوە

وەرە با ژوان ببەستین با بەس بێت شین و گریان
وەرە با تاوێ بتبینم با بەس بێت فرمێسک ڕژان

2007/5/18

# بێ وەفا

دڵت رەقە وەک بەرد وایە
بۆیە ڕەحمت بە من نایە
بۆچی ژیانت وا لێکردم
خۆری شادی لێم هەڵنایە

ژیانم هیوام ئەشقی تۆ بوو
تۆش پەیمانت گشت درۆ بوو
سوێندت ئەخوارد بە ئەشقی من
پێم بڵی ئەشقت بۆ کوێ چوو

ئێستاش هاتووی بۆ بەر دەرگام
ئەگری و ئەڵێی من بێ خەتام
خەتای تۆ نا خەتای من بوو
بۆ تۆ سووتام بۆ تۆ فەووتام

وام ئەزانی تۆش وەک من وای
چۆن بۆت شێتم وا بۆم شەیدای
بەڵام گیانە زۆر هەڵە بووم
زوو نەمزانی کە بێ وەفای

2006/12/15

# خۆشم ئەوێ

نازانم تۆ چۆن لە من ئەڕوانی
تا چەند بە دەردی دڵم ئەزانی

چۆن سەیرم ئەکەی تۆ بە چاوی خۆت
شەیداییێک یا وەک شێتێ دەست بە کۆت

گیانە من شێت نیم بەس عاشقی تۆم
چۆن لە یادت کەم هەرگیز ناکرێ بۆم

گەڵێ پیرۆزە ئەشقەکەی ئێمە
تیشکی چاوانت ڕووناکی ڕێمە

گیان و ڕۆحی من وەک ئێمە زۆرن
دژی تاریکی عاشقی خۆرن

دەبە سە ئیتر سازی دڵی من
بەس ئەوەندە پێم بڵێ شەرمن

بێ شەرم تۆ من من تۆم خۆش دەوێ
تۆ لە هەر کوێ بیت من دەژیم لە ووێ

2007/12/16

# عەشق

ئەوە هاتووم بۆ بەر دەرگات پێت ئەڵێم خۆشم ئەوێ
لێم مەپرسە بۆچی هاتووی پێم بڵی چیت لێم ئەوێ

گیانە ئەشقت زیندانێکە دەرباز بوونی ئەستەمە
ئەم هەموو ڕێیەم بڕیوە بۆت بەڵام هەر لام کەمە

من چەنێ ماندووم چەن هیلاکم بە دوای تۆوە وێلم
ئادەی ئێستا چۆن دڵم دێت وا ئاسان جێت بهێڵم

ڕۆژانێک بوو لە دووریت من زۆر زۆر بە گڕ ئەسووتام
تۆم لێ دوور بوو ژیان تاڵ بوو بە خەمناکی ئەگریام

بەڵام ئێستا زۆر دڵخۆشم تۆ زەویت منم هەتاو
هەموو شەوێ بۆ باڵاکەت هەر من ئەبم بە لاو لاو

2006/12/26

## چۆن دڵت هات

چۆن دڵت هات ؟
ئاوێنەی ژینم تێک بشکێنی

چۆن دڵت هات ؟
خەندەی لێوم بتۆرینی

چۆن دڵت هات ؟
بۆ ئەم ئەشقەم ئەمرۆ بکەیت بە دوا بەڕوار

چۆن دڵت هات ؟
دڵ بشکێنی بمخەیتە نێو ئێش و ئازار

چۆن دڵت هات ؟
بوەستێنی عەشقی منی جگەر سووتاو

چۆن دڵت هات ؟
بێ بەشم بکەیت لە خۆشی ژیان لە بینینی خۆرەتاو

چۆن دڵت هات ؟
پێم هەڵکێشی ئاخی دووری و دابڕانت

چۆن دڵت هات ؟
دورم بگریت لە نیگای چاوەکانت

چۆن دڵت هات ؟
دەستم بگریت بۆ خەم و ژان

چۆن دڵت هات ؟
بمکەی بە دیلی خەفەت پێم فێر بێت گریان

2007/1/25

## دووریت

بۆچی بژیم گەر لێت دوور بم
تەمەن وەک مۆم ئەتوێتەوە

وەرە گەر بۆ ساتێکیش بێت
باخی دڵم ڕووناک کەوە

بەسەر ئەم ڕێگەیە بڕۆ
کە بۆ دڵم ئە تهێنێتەوە

تۆوی دڵت وەک یەکەم ژوان
لە دڵی منا بڕوێنەوە

دڵت عەشقی دڵی من کە
با ژیانم بۆ بگەڕێتەوە

یا با بمرم تا هەتایە
دڵ بۆ تۆ سەر ئەنێتەوە

2007/1/30

# نـەفرەتـی

بـەختم ڕەشتر لـە چاوانت
لـێوان لـێوم لـە خـەمـی تۆ

گـەر ئـەتزانـی بۆ من نـابیت
بۆچـی شکـانـدمت بـێ هۆ

ئـێستـاش ڕوو زەرد ڕێگـا بگـرە
بـە نـەفرەت بیت لـێرە بڕۆ

دوور بگـرە لـێم نیگـاکـانت
ئـیتر بـەس بمکـە ڕەنـجـەڕۆ

جـارێکـی تر هـاوخـەم نـیم بۆت
هـاوخـەمـی من چوو بـە فـیڕۆ

ئـەو خـەمـەی بۆ من سازتدا
بیکـە شـەراب هـەر خۆت بیخۆ

2007/2/1

# تەنها هەر تۆ

گیانە تۆ بە ئەشقی خۆت جارێکی تر ژیانت پێ بەخشیم
منت زیندوو کردەوە دووبارە زانیم کەوا ئەژیم

دڵمت خستەوە لێدان و بۆ لای دڵی خۆتت فڕاند
کاسەی پڕ خەم و ژەهری من بە ماچێکی لێوت شکاند

بۆیە تادێ تۆ زیاتر لە دڵێ منا خۆشەویست ئەبیت
ڕەنگە بمرم یاخووت شێت بم گەر بێت و تۆ بۆ من نەبیت

گەرچی دووری بەڵام گیانە هەموو کاتێ دڵت لامە
گشت باوەشی جگە لە باوەشی گەرمت بۆم حەرامە

2007/2/6

## بۆچی هاتی ، بۆ چی ڕۆشتی

بۆچی هاتی بە نیگات تیرت لە دڵم دا
بۆچی ڕۆشتی گڕی ئەشقت لە سینەم بەردا

بۆچی هاتی دەرگای دڵت لێم کرد واڵا
بۆچی ڕۆشتی خەمت بۆ ڕووم کرد بە ئاڵا

بۆ چی هاتی بۆ ئەوەی دڵ دەربهێنی
بۆچی ڕۆشتی ویستت ئاوام بەسەربێنی

بۆ چی هاتی خۆت کرد بە شەم من دێوانە
بۆچی ڕۆشتی هەی بێ وەفا ببی بە پەندی زەمانە

2007/2/9

# خەمی شەو

وا دیسان شەوەو نامباتەوە خەو
جەستەم لای خۆمە و دڵم لەلای ئەو

هەر چەن هەوڵ ئەدەم بنوقێن چاوم
وێنەی نایەڵی ئەڵێ من ماوم

دووبارە چاوم خەو وەلا ئەنێ
جەستەم بە وێنەی تیژ ڕا ئەچەنێ

بەڵام کە زانیم ئەمە خەیاڵە
بوونی ئەو لای من گەلێ مەحاڵە

بۆیە دوبارە وەک ئەوەی یەکەم
تا ڕۆژ دێتەوە ئەیچێژم من خەم

2007/2/9

# وەرە

بۆچی دڵم بۆی وەک مناڵ وایە
کاتێ ئەو نایەت بۆم بکا لەیلایە

بۆچی عەشقی من دور ئەگریت لە خۆت
کێ وەک من قەدری دڵتی لەلایە

کە لە تۆ زیاتر من تۆم خۆش بوێ
بۆ چی منت لا زۆر بێ بەهایە

وەرە ڕۆشن کە شەوگاری تاڵم
ژینی من بێ تۆ زۆر بێ مانایە

2007/2/9

# ڤالانتاین

ئەوا ڕێ کەوتم من ڕووەو باڵات
نزیک ئەبمەوە من وا دێم بۆ لات
لە سەر ڕێگاکەم سورە گوڵ ئەکڕم
تا لەم ڕۆژەدا بۆت بکەم بە خەڵات

کامە گوڵ بێنم وەک باڵات شکۆ
گوڵە نێرگز بێت یا گوڵی شەوبۆ
وێنەی گوڵ بێنەو بیخە بەر چاوت
پێی بڵی گیانە من گوڵم نەک تۆ

با ئەو کاتە گوڵ دەستکا بە گریان
با بزانێت هەن زۆر زیاتر لەو جوان
بە فرمێسکی گوڵ دوور لە چاوی یار
ڤالانتینای تۆ بۆم بوو بە باران

2007/2/14

## خۆشم ویستووی

چەنێ خۆشە بە ئێواران بە بەردەمم تێ ئەپەری
چەنی جوانی بە لەنجە و لار دێیت و ئەچیت هەر
وەک پەری

زەردەخەنەت وێڵی کردووم دڵم داوای دڵت ئەکات
گیانە جوانیت نەک دڵی من دڵی سەد کوڕ بۆ خۆی
ئەبات

بە ڕۆژ خۆریت لە گشت لاوە بۆ من هەڵدێیت
بە شەویش مانگ لە ئاسمانی خەیاڵما ڕائەخرێیت

گەلێ وەستام زۆر سەبرم گرت بەڵام گیانە دڵم
ویستی
کە بێم بۆ لات و پێت بڵێم بەخوا دڵە خۆشم ویستی

2007/3/1

# دەروێشی ڕێگەی تۆم

منم دەروێشی ڕێگەی ئەشقی تۆ
لە شاری دڵتام دەربەدەر نامۆ

شێت و شەیدای تۆ و ئەم چاوە جوانەم
ئاشقێ شێتم وێڵ و دێوانەم

بۆ ئەشقی پاکم من تۆم هەڵبژارد
دڵەی بریندارم بە دڵت سپارد

ئێستاش کە تۆ خۆت تۆراندوە لێم
خۆم ون کردووە و هەر نازانم کێم

لە تاو دووریت دڵ شێتەو ناسرەوێ
سەر لێوم ناوی تۆیە ڕۆژ و شەوێ

چاوەڕێتم تاکو مردن منی بریندار
شادم کەی دوور بێت لێم ئێش و ئازار

2007/3/26

# دڵە گیان

دڵە گیان دڵە دڵەی ئەوینم
گوڵی نێو باغم ئاواتی ژینم

چرای شەوی تار هیوا و ئومێدم
ئەی گریانی من ئەی پێکەنینم

تاقە دڵەکەم خۆشی ژیانم
ئەی خۆشەویستم یاری شیرینم

گەر خوا بکات و تۆ بێیت بۆ لای من
ئاواتی منە جارێ بتبینم

تا لە نێو دڵتا بۆ هەتا هەتا
کۆشکی بەختیاریت بۆ بسازێنم

2007/4/17

وەرە یاری من تاکەی دور بم لێت
تاکەی تەنها بم گریان پێم فێر بێت

---

زۆرم بڕی وڵات سنوور
تا ناوم نایت دڵێکی دوور

---

خۆزگە ئەمتوانی ئەم شەو
لە باوەشی تۆ چاو بنێمە خەو

بەخوا چاوانم تا تیای بێت ڕۆشن
نایبینێت وێنەی ئاوا خۆش خەوتن

تۆ خۆت پێت ووتم دڵمت کڕیوه
گوڵ و ڕێحانەت تیا هەڵواسیوه

کەچی ئێستا بە بێ خواستی دڵ
ووشک ئەبێ ڕەیحان ئەشکێتەوه گوڵ

چۆن شێت نەبم کاتێ تۆ پێم بڵێی شێتە
بۆ تۆ ئەژیم بۆ تۆ ئەمرم تاکو ماوم چاو لە ڕێتە

کە سەر هەڵ ئەبڕم بۆت ئەڕوانم دیار نیت لێم
بەڵام گیانە دڵنیابە لە دڵمایت و خۆم چاوم لێتە

گیانە
ئەشقت وەک ئاگرەو
دڵەی شێتم
ئەسوتێنی

ئەو
دڵەی دڵێ نایە
لە دڵت زیاتر
هیچ دڵی تر بدوێنێ

بۆ چی لای قەومی من مردوو زۆر بە بەهایە
گەر چی تا زیندووە کەووتوەو خزمەت ناکرێ

ئەوەی بە مردوویی بۆی ئەکەن بە زیندوویی بۆی بکەن
دڵنیابن زیاتر ئەژی و هەرگیز وا زوو نامرێ

گیانەکەم وەرە بۆت بکەم وەسفی ئەشقی خۆم
تاکو بزانی جەنێ خۆشم ئەوێی جۆن گرفتاری تۆم
چونکە ئەزانم تۆیت وەک هەناسە پێویست بۆم
منیش لە داخی دووریت گڕگرتووم وەک مۆم

## چ ئەشقێك بوو

چ عەشقێک بوو ، زوو گریانمی
زوو جێمی هێشت ، بووم بە پایز
چۆن غەمی دووریمی پێ چێشت

چ خەزانێ بەهارمی برد
بێ ئەوەی بێت لێم بپرسێت
گریانمی بە چاوم فێر کرد

ئازیزەکەم
هەرگیز من دۆستی گریان نیم
بەڵام تازە تاکوو مردن تەنها گریان کاری منە

دوورە پەرێزم لە شادی
خەندە بۆ لێوم دوژمنە

دڵدارەکەم
چۆن ئاوا زوو لە بیرت کرد
کە شاعیرێ خۆشی ویستی

چۆن ئاوازوو کەیف و سەفا دڵتی فریودا
گرتت ڕێگەی خۆ پەرستی

من بیرمە کە پێت ووتم
دڵم تاکە دیاریە بۆت
دەی خێراکە
بۆ وەستاوی بیبە بۆخۆت

ئەی کەوا بوو بۆ دڵت دا
ئەی بۆ وات کرد بە بێ وەفا ناوت بێنم

چۆن دڵت هات
وام لێ بکەی بە ناچاری
دڵ لە سینەم دەربهێنم

ئاخ گیانەکەم
خۆ تازە بوو کە مۆمی
عەشقەکەم هەڵجوو

هەروا زووش بوو
بە ناپاکیت زوو لە ناو چوو

2007/5/13

# چۆن بگەمە لات

ئازیزەکەم
لە بێ تۆیی
باڵم ئەشکێ و نیوە ڕۆحم
حەزم ئەکرد لات بومایە

تا وەک جاران
یەکەم کەس بوایت گوێت
لە شیعرم بگرتایە

ئاخ ... !
ئێستا چەنێ بیرت ئەکەم
نازانم جۆن
بفڕم و بگەمە لات

تا لەم شەوە
ببم بە لاو لاوی باڵات ..

2007/5/14

## عاشقم بوو

عاشقم بوو
وەک عەشقی بیابانێک
بۆ چۆڕێ لە ئاوی باران ... !

عاشقم بوو وەک عەشقی
پەپولەیەک
بۆ تاوێ ژینی بەهاران... !

گیانە ڕاستە
تۆ بەهاریت و
من پەپوولەم

بەڵام هەرگیز
بەهار دۆست نیم
ڕاهاتووم لە ژینی نێو ووشکە ساڵان .. !

2007/5/11

# دایە گیان

ئەی دایە گیان
ئەی جوانترین گوڵی بەهار
خاوەن سۆز و خۆشەویستیم
ئەی جوانتر لە
دیمەنی گوڵ جوانی گوڵزار

ئەی دایە گیان
باش ئەزانم
ژیان چەنێ ماندووی کردووی
چۆن خەم باڵاتی پڕ کردووە و
بێ وەفایی تاسەر ئێسقان هێزی بردووی

ئەی دایە گیان
منیش وەک تۆم
کۆتری شادیم ئۆقرە ناگرێ
لە نێو تەمەنی مندا
بێ باک ئەفڕێ

دڵم فێرە وەک دڵی تۆ
بێ دەنگ بگری و
بۆ تۆڵەی خۆی یەقەی

بێ ویژدانی ئەگرێ

ئەی دایە گیان
چاوێک نەبوو
وێنەی بالاّم بگرێتە خۆی وەک
چاوانت

ژینێ نەبوو
جوانتر بۆ من لە ژینی نێو
باوەی تۆ
ماچێ نەبوو شرینتر لە ماچەکانت

ئەی دایە گیان ئەی ژیانم
تەنها بە خوودام ووتوە
کە من چەنێ
خۆشم ویستووی

دلّم تاکە شوێنە هەمبێت
لە نێو دلّم گەورەتر لە
خۆشەویستیم
بۆ چێکردووی ..

2007/5/7

## بۆجی هاتووی

بۆجی هاتووی
داوای لێبوردنم لێ ئەکەی ؟؟

بە خەیاڵە پووچەکەی خۆت
دووبارە دڵی ماندووم ئەبەی .. ؟؟

گیانەکەی من
ڕاستە من بووم کە ساڵانێک
بە گریانم باخچەی عەشقەکەم بۆ ئاودای

بەڵام تۆش بووی کە باش سەیرم نەکردبووی
لە پێش چاوم وون بووی نەمای

ئەی بێ وەفا
وامەزانە جارێکی تر دڵی ماندووم
بۆ تۆی بێ سۆز ئەسوتێنم

زۆر گریانم چاوەکانم
بەڵام ئیتر هەرگیز بۆ تۆ نایگرێینم

ئیتر پێم مەڵی بمبورە

گەر بێت و منیش بتبورم
دڵنیام کە خودا ناتبووریٚ

لە بەر دەرگای ئەشق و وەفا قەت مەوەستە
هەر گیز تۆ نیت بچیە ژووریٚ

هەر گیز هەرگیز
چاوەڕێیٚ ئەم ژینە نیم لێت

کە بێت و من وەک ئاشقیٚ
ئاشقانە شادبم پێت .. !

2007/4/30

# دڵێکی دوور

ئەم ئێوارەیە
هاتووم پڕ بە دڵ قسەت بۆ بکەم

یا هەتا هەتا یا بۆ دوا جار
لە دڵی خۆما پێناست کەم

یا فریشتەی دڵی دوور بیت
یا یادگاریەکی ڕابردوو

یا ئەشقێکی بێ کۆتایی
یا دڵێکی بێ هەست مردوو

ئازیزەکەم
هەر چەند تا ئێستا نەمتوانیوە
دیدەم لە ڕووی قەدو باڵای تۆ هەڵبێنم

دڵی ماندووم بۆ ساتێکیش
لە ژێر دڵتا بخەوێنم

بەڵام گیانە دڵنیابە
دڵم ویستی

بۆیە منیش وا بە پاکی
خۆشم ویستی

وەڵامی ئەم ئێوارەیەت
دوا بریاری ئەشقی منە

گەر بۆم بکرێت هاودەمت بم
گەرنا دونیا بۆم مردنە

کە مردیشم گیانە
وەک دارێکی نێو پایز وام

قەت بۆت ڕوو ناکەمەوە بەهار
لە پاش ئەوەی کە هەڵوەرام

ئەوسا کە مردیشم
کاتێ دڵم بە خوێن بوو سوور

ئەوکاتە تۆ ئەزانی
تەنما من بووم کە ناوت نێم دڵێکی دوور

2007/4/23

## وەک جارانم

ئازیزەکەم
لە دوریت ئۆقرە ناگرم
چرکە بە چرکە
لە کاتژمێری ژوورەکەم ئەڕوانم

زۆر خەمبارم
ماوەیەکە کە نەمدیویو هیچ هەواڵێکیشت نازانم

دووریت زامێک زۆر سەختە و
ساڵانێکە چاوەڕوانم

گیان و دڵم
لە هەر چرکەیەک بێ تۆیی
ئاوێتەی خەمم
چاوم وێڵتە خۆشم تێکەڵ بە گریانم

هەر چەند دەمێکە نەمدیوی
بەڵام گیانە
من هەر دەربازەکەی جارانم

بۆ ئەشقی پاکی دڵی تۆ

منم خاوەن بەڵێن و پەیمانم

2007/4/27

## ئـەمشـەو ، بـێ تۆم

ئـەمشـەو
یـەکـەم شـەوی بـێ تـۆییـە

یـەکـەم شـەوی تـەنیایـی من یـەکـەم شـەوی نـامـۆییـە

ئـازیزەکـەم ،، چاک ئـەزانـم

کـە ئـەمشـە من وەک شـەوانـی تر نـاتـدوێنـم
وەک دارێکـی شـکاو ئـەبـم
گـیانـە لـە وەرزی خـەزانـم

دڵدارەکـەم بیرت ئـەکـەم
ئـەمشـەو بـێ تـۆ تـەنـهـا ئـەستێرەکـان ئـەژمێرم

تـا شـەوی تـەنـهام بـە تـاڵـێ خـۆر
بـە ڕۆژێکـی تر ئـەسپێرم

گـیانـەکـەی من
بـە ئـاسمانـی شینـم وتـوە چاوی لێتبێت

بـە زەویشـم وتـوە

که خاکەکەی بۆ شوێن پێی تۆ پارێزەر بێت

شەویش خۆم لەگەڵ مانگدا
تەنها دوام
بە ئەویشم ووت کە شەوانە بتدوێنێ

و پێت بڵێت
کە لە دووریت دەربازێ هەیە
بیرت ئەکات ، گشت شەوانێ
چاوانی خۆی بە یادی تۆ ئەگرییێنی ..

2007/4/24

## شادی ئەشق

شادی عەشق
بۆ یەکەم جار ڕووم تێ ئەکا
وا هەست ئەکەم دار و بەرد و ئەرز و ئاسمان
پیرۆز باییم لێ ئەکا

چ عەشقێکە بۆی بە گوورم
گشت دنیام تێی گەیاندووە
وا خەریکە بەرەو ڕووم دێت
ئەو شۆخەی دڵمی بردووە

چی بنووسم چی پێ بدەم
تاکو دڵی بکەم ڕازی
تا دڵم بێت من دڵی بم
تەنها من بم خاوەن نازی

مەپرسن لێم عاشقانی شار
بەچ عەشقێ بەند کراوم
دڵم دوورە بۆیە هەردەم
لە ژوورەکەم تەنها کەووتووم بێ ناز ماوم

تا نەیبینن دڵ چەند شۆخە

تێناگەن لە مەراقی دڵم
نازانن بۆ وا بێ نازم
لە بەهاران تەنها منم کە بێ گوڵم

بەڵام ئێستا وا دڵخۆشم
نزیکم لە ڕۆژی ئاوات
وا هەست ئەکەم لە بەهەشتام
چونکە گوڵم وا پێم ئەگات .. !

2007/6/18

نووسەر ئەدویٚ



- ناوم ( دەرباز یونس حسین )ـە .
- لە 1990/6/23 لە شاری ( قەڵاو منارە ) بە ژیان ئاشنا بووم .
- خوێندکارم و لە پۆلی شەشەمی زانستی لە قوتابخانەی کوردستانی کوڕان ئەخوێنم
- ئەندامی تیپی مۆسیقای چالاکی قوتابخانەکانی هەولێرم .
- دەستەی دامەزرێن و بەڕێوەبەرایەتی تیپی شادی موزیکیم لە هەولێر .
- دەستەی دامەزرێن و بەڕێوەبەرایەتی گروپی IT4Kurdـم ، یەکەم گروپی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت لە کوردستان .

دڵیکی دوور یەکەم بەرهەمی چاپکراوی هۆنراوەیی نووسەرە .

زۆر سوپاس بۆ :

- مامۆستای بەرز و بەڕێز شاعیر ( کازم کۆیی ).
- دایکی خۆشەویستی نووسەر ( کوردستان اسعد باپیر ).
- خوشکی خۆشەویستی نووسەر ( لێزان یونس حیسن )
- براو هاوڕێی خۆشەویستی نووسەر ( شاهین حمد امین سادق )
- چاپخانەی منارە کە ئەرکی چاپکردنمیان کەوتە سەر .


www.pertwk.com